



# شعری هاوچەرخی سریانی

وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان

بەرێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری وهونەری سریانی

زنجیرەی رۆشنبیری سریانی 12

# شعری هاوچەرخی سریانی

وەرگێرانی مهداوی احمد داود

پێداچوونەوە فەریدون سامان

هەولێر 2010

ناوی کتێب: شعری هاوچەرخی سریانی

وەرگێران: مەهداوی ئەحمد داود

پێداچوونەوە: فەریدون سامان

چاپی یەکەم: چاپخانەی هاوسەر 2010 هەولێر

دیزاینی ناوەوە: زانا عودیش

دیزاینی بەرگ: منتصر بویا

دانە: 1000

ژمارەی راسپاردن: (22) لە ڕێکەوتی 2011/1/10 لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان وچاپەمەنی

# بەرکۆلێك

میژووی شیعری سریانی بۆ دوو هەزار ساڵ دەگەرێتەوە هەر چەندە بە شێوەیەکی سەرنج راکێش لە سەدەکانی یەکەمی مەسیحیەت بە قۆناغیکی زێرین دادەنرێ (مار أفرام الملفان ) کە هەزاران چامەی دراوەتە پاڵ ئ ەو بە یەکێك لە سەرانی ئەوانە دەژمێردرێ ئەو شیعرە سریانیە ئاینیانەی کە بە ئێمە گەیشتوونە ولە باوەشی کڵێسا لە دایك بوونە و خاوەن مۆرکێکی کڵێسایرۆژ هەڵاتین، هەر چەندە بەمەبەستی جۆراوجۆری دوور لە کلێسایی هۆنراوەتەوە هەموو ئەو شیعرە لیریکیانەی کە دەو وترانەوە لەو (تەراتیل)ـانە نە لەکاتی (قوداس) یان نوێژەکانی دی کە لە عەسران دەکرا ئەمە و سەرەرای سەر دوو لکە ئایین وداستانیەکان کە بەشان وباهۆی شەهیدان وقەشەکان دەووتران دەتوانین ئەوانە هەموو بە شیعری کڵێسای ی ناوزەدی بکەین شیعری سریان هەتاسەدەی نۆیەم – دەیەمی زاینی لە سەروا خۆی دەرباز کردبوو بەڵام لە چاخی عەباسی لە شیعری عەرەبیان خواست دوای ئەو بوژانەوەە و هەڵوەشانەوە رووناکبیریەی لەم چاخەدا ئەو شیعرە بەخۆیەوە بینی و کە شاعیرە سریانیەکان بەشداریەك چالاکانەیان تیا کرد، کەلتووری سریانی بە هەموو لایەنەکان ی (زمانەوانی، بیروباوەر، شیعری) بە درێژای ئەو سەردەمەی کە پێی دەڵێن (سەردەمی تاریکی ) بە

قۆناغێکی سەخت ودژوارێ پەری لە کۆتاییەکانی سەدەی سێزدەم وتاکو ناوەراستەکانی سەدەی نۆزدەم کلێساو بڕوادارەکانی خۆیان حەشداردابوو لە کۆشش دابوون کە بژین و دووربن لە ناوچوون، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و تاکو سەرەتای سەدەی بیستەم بەشانی ئەو رێنانسە نەتەوەیی وتازە گەرمی زمانەوانیە زۆر لە شیعری سریانی توانیان خۆیان لە قۆزاخەی هزری کلێسای دەربازکەن و بێنەدەرەوە بەرەو ئو ژیانە فراوانە وبۆ خۆیان زۆر لە مەبەستەکانی دی هەڵبژێردرێن . وەکو ستایشی خۆشەویستی و پیاهلدان بە نیشتمان ونەتەوە و وێنا کردنی کارەساتە کۆمەلایەتیەکان وفەلسەفە . ئەمە وسەرەرای بەکارهێنانی کەرەستە شیعر بەنوێخوازەکان دیارترین ئەو شاعیرانەی کە لە وسەردەمە سەریان هەڵدا ( جان الخص ) و( شليمون سلامس ) و ( فريدون ئاتورايا ) و( نعوم فائق ) و( عبدالمسيح قرەباش ) ودواتریش ( ابرم عما ) و ( د نخا ايشا ) و زۆری دیش . لەم کتێبە کۆمەڵە شیعرێکی هەڵبژاردەی چەند شاعیرێکی سریانی هاوچەرخ پێش کەش دەکەین بە زمانی سریانی دەنووسن و کە لایەنێکی دیاریکراو لە شیعری سریانی دەژمێ ردرێن بۆ ئەوەی خۆێنەری کورد ئاگاداری بێ و بیخوێنێتەوە و ببێتە هاندەرێك بۆ بەهێز کردنی رایەڵەکانی ئاڵ وگۆری رووناکبیری وهزری لە نێوان هەردوو گەلا نمان دا .

د. سەعدی ئەلمالح

# كه للەسەری مێژوو

ئەی نیوەکەی ترم
ئەگەر تاکو ئێستا باوەر ناکەی
کە خودی من تۆی
راسپاردەی با پیرەکانت ون کردوە
یان لە بیرت چوو کە ئەلقوش
دایکی کلێساکان بووە
لە هەموو رۆژهەلات
ئەگەر لە بیرت چووە
بگەرێوە بۆ کەللە سەری مێژوو
یان گشت کتێبەکانی خەلیقەت بخوێنەوە
دەبینی ئایا کە وەکو خوێن
لە دەمارەکانی ناوتا دێم و دەچم
یان نابینی و سەرنج نادەی
کە بە خوێنی بزمارینی من لەسەر خشتی
لە دایك بوونی تۆ داستانی ئالای ئەستێرەکانت ؟
پێش سێ هەزار سالێ یان زیاتر
لە وێنەی خۆردا لەسەر پشتی یەك تیشك لە دایك بوو

له ئاو هەڵکێشراین به رووناکی میسو پۆتامیا
لەناو لانکی کلد و ئاشور بەخێوکراین
بەشیری دیجلەو خاپور فرچك کراین
تاکو هۆشمان خەڵەفا
وامان لێ هات هیچ نەزانین سەبارەته بەناوی رەسەنی دوێنمان و نەچارەنوسی نەتەوەی ئایندەمان ئەگەر هەتا ئێستاش باوەرت بەوە نیه
که تۆ برامی و ئامۆزام نیت ؟
دەبرۆ سەفەری شەش سەد و دوانزه بکه
لا پەرەی هەزارو پێنج سەدو پەنجاو سێیەم دێری سی و سێیەم سەرنج بده
ئایا خوێنی خۆمان به یەکەوه نەرشتوه
له قەسابخانەی ناومان که لەسەر پێڵوی پیتەکانمان له خاچ دراوه ؟
که هەتا ئێستا رەنگە سورەکه وشك نەبوه له زاری سەلاواتەکانمان
ئەی نیوەی دیکەی خۆم
ئایا گوێت له چیای ئیزلا بووه.؟
که ( مارمیخائەلنوهدری ) لەوێی خوێند وه
یان رێورەسمی کڵێسای و زمانی دایك فێر نەبووه
لەو قوتابخانەیەی که له شاخی ناحوم هەڵکەنراوه

لەسەدەی چوارەمەوە تاکو ئێستا ؟؟
یان پیرەکا نمانت لە یاد چووە
لەو رۆژانەی کە لەبەر دەم دەروازەی کلێسا
چوار مەشقی لێی دانیشت بوون دەیانگوت؟
( صبنا ) نیشنگەی بەرواریەکان بوون
( نوهدرا ) سێبەری تیاری بوون
( القوش ) مەمکی هەکاری بوون
ئایا پرسیارت لە بەیعەت نووسەکان کردووە
سەردانی ئەشکەوتی مامۆستای گەورەی کردووە
بۆ ئەوەی شارە دێی ئیسرائیل سکالاکەمان ببینێت
لە ئارەقی ئەلف و با کۆنترە بۆ ئەوەی زامانەکەمان بزر نەبێت
باوەریشمان لەق نەبێت
ناویشمان نەکرێتە عەرەبی
ئایا پرسیارت لێیان کرد بە رەنگی سور خۆیان
لەو کتێبانەی کە کۆپی دەکەن فڕ دەکەن
بۆچی هێلکەی فصح بە رەنگی سور دادە پۆشن
ئایا تەنها بە خوێنەکانان کاروانی دەربازکار بەرێوە دەڕوات
دەی زووکە برۆ ژوورەوە بڕوانە
چەند خەم بە گوناهی من دیکۆمێنت کراوە

وای لێهاتووە ناتوانم بۆ هیچ ئومێدێك بفڕم
بە هیچ هەڵۆیەك دابەزم
برۆ ژوورەوە بڕوانە
چەند گرێیەك بە ئاسۆی من گرێدراون
کە وام لێهات نەتوانم ببینم
لە کۆسپەیەك بترازێ کە ڕێی گرتووم
تەم و مژێك بەری مافەکانم  دەگرێت
لە نێوان خۆرهەڵاتن وئاوا بووندا
مێژووی کەللەسەرت تەڵخ بووە
کە گشت کەللە سەرەکانی جیهان تازەکردنەوە
ڕەگ و ڕیشەی کڵێسای تۆی بۆ هەزاران ساڵ دوورخستۆتەوە
بە گوێرەی ئارەزووی ئەوانی دی
پەتی خوێن و گۆشت لە لەشی ئێمەدا  پچراند
کە تایبەتن بە کەلەپورمان
گیانی باو و باپیرانمان لە دەشتەکانمان کێشران
ئایا بۆنی گوڵاوی دڵی بێگەرد ناکەن
تارمایی چاوی بەنجکراو دەبینن
لە ئامانجە نیوە ئیفلیجەیەکەم
ئەی نیوەکەی تری خۆم

ئایا بەس نیە تانەو تەشەرە لە هەبوونم تواندنەوەی مۆمی هاوسەرەکەم
لەئاژاوە دایە ...ناومان، کلێساکا نمان، شێوەزار و هۆزەکا نمان
ئەی براکەم وەك ئەوەی کە خۆت حەزت لێیە
یان رەنگەکەت چۆنت دەویٚ با وا بێت
هۆزەکەشت چۆن دەویٚ وا بێت
بەلاٚم مێژووەکەت بە کەللەسەری پشتت گریٚ بدە
ناوی زمانەکەت بەچاوان خۆت بگرە
لەسەر هەنیەی ئاسمان نەخشی بکە
لەسەر لێوی ژیان وێنای بکە
لەکویٚ بوویت تا لەدەورو پشتت بێت
هەتا کەشۆر بیەوە بۆ جیهانی خوارەوە
لە کن عەشتاری خوداوەندی بنەماڵەکەت
براکەم... وەختی نەهاتووە
با مخۆ مخۆی بیٚ هودەی دایکایەتی مریەم تورهەڵدەین
سەرکۆنەی بەرژەوەندیەکانی ئاسۆ لاوازەکانی
سوودمەندەکان بکەین
راوێژکارانی ساختە... تێکدەرانی بیروباوەر
تۆوی ژەهراوی لە جۆخینەکا نمان دەچێنن

دژایەتی هەموو کەناڵەکانی یەکبوون دەکەن
براکەم شەوی خەمی قوڕس لەسەر سەرینمان مەخەوێ
بۆ ئەوەی خەونەکانمان بەتاڵ نەبنەوە
چیاکانمان بۆ گەن نەبن ئەی نیوەکەی تری خۆم
تاکەی ناومان بمێنێتەوە وەك
سەرچاوەی فرمێسکەکانمان
ئێمەش میراتگری کۆنترین
کەللەسەرین لە مێژوودا

*        *        *        *        *        *

# خەونی سێبەرەکەم

سێبەر و خەونم
لە چاوانی خۆشەویستەکەم دەچن
چونکە رەشن
خەونەکانم لە نێو پەراسووی مێژووم نووستون
لەسەر سەرینی بازنەکانم لە پرخەی خەوێکی قورسدان
سێبەرەکەشم وەکو هەنگاوەکانم بە دوام رادەکەن بۆ ئەوەی نەوەستم
تۆش ..... هیشتا لە بەرەبەریانی ( شامورامات ) لە خەومدا باوێشك دەردەکا
سێبەرەکەم خۆری گەلاکانە
هەر دەخولێتەوە ....
نووسینەکانم وەکو هەستەکانم بە پێوەن!
سێبەرەکەم وەکو تۆ لە خەوەکانمدا
بە جۆگەکانی خۆر دێنە خوار
ئاوی بە خوڕی پێدا دێتە خوار
ئەگەرجۆگەکان لە هەلگرتنی قورسایی ئاو بێزار بن
ئەگەر درەختەکان لە پەرش و بلاوکردنەوەی سێبەرەکان وەرس بن

بەسەر وێرانە خاکی وەك گوندەکەم
بەڵام من لە خەوەکانم هیچ ماندوو نابم
سێبەرم لێم دوور ناکەوێتەوە
هەردووکیشیان هەتا لە خەویشا لەگەڵمدا دەنوون
بۆیە خەونەکانم رەشن وەکو چاوەکانی خۆشەویستەکەم
بە غریزەی شەو بە لاقێك سەفەر دەکەن کە لاقی من نین
ئەگەر وا بێت بۆ چی دەڕۆن بەرێوە وەکو خواستی دوژمنان ؟
ئاخ..! بۆ ئەو خەونانەی تامەزرۆن بۆ هەورەبانەکانی ئاسمان
بۆ نوستنێکی بەتاسەەی شەوەکانی ( ئەبونەواس )
کە ماسییە برژاوەکانی( البیلاتی )
بە دەوروپشتی پەنگرداره گەشەکان سەما دەکەن..!
ئایا تەم و مژ بەری چاوەکانی گرتووە
یان دەست بە تاڵی بیرو هۆشی دا پۆشیوە ؟
چاوەکانم برسیەتی بەدی د ەکەن و گۆڵە گە نمێکی بەرپێی خۆی دەبینێت
خەونەکانیشم بە قامکەکانی بێ دەنگی شۆڕ دەبنەوە
بێ دەنگیش بە یەك مژ هەموو خوێنی پیتەکانی خوێنبەری
زمانەکەم هەڵدەقوڕێنێ
بێ دەنگی یەکەمین ترسە

ترسیش یەکەم پایەی  پەیژەی مردنە
ئەو کەسەی دەسخەڵاتی هەنگاوەکانی ئاما نجم
دەی دووری  بخەنەوە تاکو جولانەوەکانی زمانەکەم
بە لاقەکانی ( هەبوون ) دەگەن
من دەزانم خەونەکانم لە گوندەکانی پێدەشت پرش و بلاو بوونەتەوە
دەستەکانیشم لەگەڵ جەستەی نەتەوەکان شەتەك دراون
بیرو هۆشم لە چیاکانی هەکاری تاساون
گیرفەکانم لە  پاڵتۆی قوربانیدان خالی بوون
کەنیسەکانم لەبەر خاتری سەرکردەکانم لە خاچدراون
سەرکردەکانیش لە ساڵنامەدا سەما دەکەن
بۆ داخوازییەکا نمان لەسەر هێلی سوور
گفت و گۆ دەکەن و
کۆنگرە دەبەستن
سەبارەت بە ئازارەکانی ساڵنامە
کە تەنها بە یەکێتی چاك دەبێتەوە
یەکێتیش بوونی نییە
مەگەر لە مێشکی ئەو گەلەدا هەبێت
بەهۆی نوێنەرەکانیەوە
تووشی بەلای خۆی هاتووە !

که پره داماوەکەم ! هیچ پێڵاوێکی چەرمی لە پێ نییە
بۆ ئەوەی بۆ شیکاگۆ هەڵفڕێت تاکو کۆنگره گرێ بدات
بۆ بەرماوەکانی خوانی وجود
وەك چۆن مێشکم ئەویندارى دەکات
بە تەنها خەونی سێبەرەکەی من دەخولێنەوە
جارێکیان من لە سێبەرەکەم دەجولێمەوە
چەند جاری دیکەش لەنێو خەونەکانم دەنووم
مانگی منیش لە نێوان هەردوو برۆی خوشەویستەکەم خەوتووە
چاوەکانیشم لەکەللەسەری گایەکی باڵدار ئەبڵەق بووە
برژانگەکانی خەویش بە فەرهەنگی ( توما اودو )ەوە لکاوە
خەونەکانیشم بە دوای بەرەبەیانی ( بەرپرسەکان ) غارە غاریانە
بەرەو چارەنووسێکی نادیار
لە گورگە لۆقە دانە بە بێ پێزانینی خۆیان
لە کوێ خەونەکانم بەریەك دەکەون
بە بێ ویستی خۆیان تولەرێیەکانم
لە کوێ خۆیان دەگوشن؟
رێگاکەم دوورە یان نزیك؟
هەر ئەوەیە هەنگاوەکانم !
پێویستیان بە پیاوی بوێر هەیە

ئەوانیش لە ئاگردانی ئاب حەو تجار سوتێندراون
یان بە دەستی حەوت کابان لە کورەی خوێن وەك چێشت لێنراون
من باش دەزانم کە شەهیدەکان جارێکی دیکە بۆ ژیان ناگەڕێنەوە
مەگەر لەسەر دەستی میراتگرێکی دڵسۆز نەبێت
دەستی ئەو میراتگرەش پاڵی بە سێبەری کۆچەکەم داوەتەوە
هەموو شنە بایەکانی ناوەڕاست بەهۆی پەڕو باڵی زمانەکەم هەڵفڕین
ئەگەر وا نییە ئەدی بۆچی شوێنەواری نێوان دووررووبارەکە
بە مێخەکی قوڕگی من تۆمار کراوە
خۆر لەناو گوڵەبەڕۆژەی من نووستوە
گوڵە بەڕۆژەی منیش لەتابلۆ گڵێنەدارەکانی من
روخساری خۆی دەشوات
لەوە بترازێ لە هیچ شوێنێك خۆی ناشوات
بەڵام من نازانم ئایا نان شوێن بزرم دەکات و فرێم دەدات ؟
خەوی من ئەوە نییە کێ نان خواردنی لێ حەرام کردوون
بەڵکو ئێش و ئازارم ئەوەیە
کە من خودی خۆم نانم لە خۆم حەرام کردووە
کێشەکانم چەند پردێکن روویان لە خۆمە
تێکشکانم بەرووبوومی خۆمە
لە خودی خۆم لە دایك بووم

هەر لای منیش گەشەیان کردووە
ئەگەر من رۆژانە بەرەو پێش پلانی بۆ دانەرێژم
باش دەزانم کە ئەوە خودی مەرگەو بەرێوەیە
با خوێنم بە دوای خوێن مژەکانی دا بگەرێ
بەڵام با بازرگانەکانی ناوبانگی من دوور بکەونەوە
با شەهیدەکانم لەناو قوژبنەکانی رۆحم جێیان بێتەوە
بەڵام بە مەرجێك بۆ گاڵتە جارەکانی ئاسۆی من نەبنە پشت و پەنا
منیش خەمەکانم لەسەر رۆژگاری زوو پەرت و بڵاو دەکەمەوە
تارمایی چاوەکانم لە برژانگەکانی ئومێد دەشۆمەوە
تەمتومانی خەونەکانم بە تیشکی رووناکی دەسرمەوە
لوتکە چیاکانی ئایندەم لە دەلاقەی بەرەبەوە دەردەکەون
چونکە شەقاوە بەرابییەکانی خۆر لە دەلاقەکە خۆیان حەشار دەدەن
کە زەنگی دەست پێکردنی کاتە بەرابییەکانی ژیان لێ دەدەن
با پێکەوە خەم و پەژارەی خەونەکانمان لەسەر پۆڵوی رەژوو ببرژێنین
با لەسەر خوانی شورەکانمان پێکی مێژوومان هەڵدەین
لەسێبەرەکانی ( تیلکێف )بێ دەنگی خۆیان بە با دەدەن
لە رەحمی ( بەغدێدا ) ناوکی خۆی دەبرێت
لە زەماوەندی ( ئەکیتۆ ) چراکان ئاهەنگ لەگەڵماندا دەگێرن
جریوە جریوی چۆلەکەکانمان

به شێوەزاری بەیداغەکان سرود دەچڕن
بێ ئەوەی چاوەڕوانی ( قەمبورەکەی نۆتردام ) بکەم
بەڵام بە زەنگەکەی من کە هێشتا لە ئاسمان دایە
ئاوازەکانم گۆرانی دەڵێن
کە کەزییەکەی بە قوربانیەکانم هۆنراوەتەوە
بەلام کفنەکانی رۆژئاوا رۆژانە لەبەرم دەکەن
بخور بەسەر تەرمەکەمدا دە پرژێنن

ئەی کەنیسە پێم بڵێ
چونکە دەستەواژەی هەڵاتن لە فەرهەنگی مێژووی مندا نییە
مەگەر لە چاوەکانی خواوەندا نەبێت
لەبەر ئەوەی شاعیرە داهێنەرەکان خۆیان خواوەندن
لە جیهانی پێغەمبەرایەتیدا
شاعیرەکان تەنیا کرنوش بۆ مەزاری شەهیدەکان دەبەن
شەهیدەکانیش نابنە کۆنەژێی عودەکان و
نابنە هەوجار
بۆ جوتیارە تەوەزەلەکان
نابنە گەرووبۆ سەری خەڵکی
شاعیرەکانیش وەك شەهیدان وان

لە شاخەکانی ڕۆحدا نیشتەجێن
لە دۆڵەکانی مێشکدا گەشت دەکەن

بە چاوەکانیشان خەونەکانی ڕێگا دەبڕن

*      *      *      *      *      *

# دوو ڕێگا

دوو ڕێگامان لەبەردەم مایەوە
یەکەم بزرمان کرد
دووەم ئیدی نابینین

*　　*　　*　　*　　*　　*

**شاكر مەجید سێڤۆ**

# چەند وێنەیەکی ئاوی

1

لەسەر رۆخەکانی ئاوی د یجلە

لە رووی تۆ ورد بوومەوە

خەیاڵم بۆ ئەوە رۆیشت

کە تۆ فریشتەی جوبرائیل بیت

ئەو سا لەوێدا هەردوو چاوانم لەدەست دا

2

ئەو رۆژەی تۆم بە رووتی بینی

وام دانا کە جیهان هەمووی سپییە

لەناو سپیاتیدا

3

کە دۆستایەتم لەگەڵ هەوردا کرد

سوپایەك لە بارانی پێناساندم

4

ئەو رۆژەی کە چاوەکانتم تێدا ناسی

بە فرمێسکەکانت خنکام

نەمتوانی خەمەکانم لە بیر بکەم

5

هەر کە سەرە سپییەکەم بیر دەکەوێتەوە

خەون بە سوپایەکی بەفرەوە دەبینم

6

ئەو دیارییەی کە بۆت کردمە دیاری

لە رۆژی لە دایك بوونمدا

داری سێدارەی پیریەتی بیرهێنامەوە

7

بە درێژایی ژیانم

سەردەکەوم بەسەر پەیژەی ژیانت و

دێمە خوارەوە

هەرگاڤ دەیژمێرم

جارێکیان چوومە خوارەوە و دابەزیم

تاکو گەیشتمە دۆزەخی جەستەت

نەمتوانی چیتر سەرکەوم و

لێرەدا

شوێنەکەم خۆش بوو لێی راکشام

8

من ئێرەییم بە باڵداران دێت

بۆ ئاسمانی فریشتان فڕیم

پەڕو باڵەکانیان لێ دەخوازم

9

سوپاس بۆ ئازادی

فێرە مەلەوانی کردم

لە دەریای هەنگوینەکانت

10

من کە لە رەحمی دایکم بووم

سوێندم خواردووە کە لە دایکبوونم

لە حەوتی ئابدا بێ.

* * * * * *

# له دەستنووسی فرمێسك و گوڵەمێخەك

چونکە چاوەکانت پڕ لە فرمێشسك بوون
فرمێسك بە گوڕ وخەماوی
فرمێسکێك هەموو خەمی جیهان لە خۆ دەگرن
توخوا بەسە چیدی چاوەکانم بەرگەی
سەیرکردنی هەردوو چاوە بە کل ڕشتوەکانت ناگرن

*

لەبەر ئەوەی برای هەشتەم بووم
کەواتەبۆیە پەیمانم پێ درا
پەیمانی ئاسمانی هەشتەم

*

کە رۆیشتم سەرێکم دا لە بەهەشت
کەسم نەبینی گەڕامەوە نیشتیمانەکەم
بۆ ئەوەی پاسەوانی لە ( عەشتار ) بکەم

*

بە کارەساتی چوارشەممە خوێناوی( صالحیه ) و ( بغداد الجدیده ) وە
چوارشەممە خۆڵەمێشاوی ( ت.س.الیوت ) م بیردەکەوێتەوە

*

قامكەكان دەگێڕێ لە دەوروبەری چاوم
هەتا لە دەروبەری ناوکم
بێ پەروا لە گەڕان و سۆراخ دایە
ئۆه..... ئۆه..... ه.....ه.....ه
نازانم چی دەوێ
نازانم
پێ دەچێ ئارەزووی لە چەند ساتێکی خەوی منە
یان لە چەند دڵۆپێکی فرمێسکی منە
یان لە چەند لقێك لە دارخورمای جەستەی شەڕانگێزی منە
کوڕەکە نتۆکەکانی زاری خۆی
تێکەڵ بە زاری کچەکەوە دەکا
ئەمیش ئیرەیی بە تنۆکەکان دەبا
کوڕەش هەر تنۆکەکانی خۆی دەکاتە زاری کچەکەوە
ئەمیش هەر بڕی ناشکێ....

*

کە پێیەکانم نایە ناو ( بغداد الجدیدە )ەوە
وامزانی ئەستێرەی تازەو
مانگی تازە و
ئاسمانی تازە دەبینم

**کەچی وانەبوو تەنهاو تەنها**
**هەر چەقەڵ و گورگ و سەگ و**
**دزو جەردەی ئەو دونیایە کەوتە بەرچاوم**

*

**بە درێژایی ژیان من پاسەوانیم لە تاقەدرەختێك کردووە**
**لەو باخچەیەی کە ( دایکە حواء ) سێوەکەی تیا خواردوە**
**ئەمیش لە باخچەکەی ( باوکە ئادەم ) بووە**
**لەبەر ئەوەی من ئیرەیی بە باڵدارەکان دەبەم**
**بۆیە باڵەکانی ( لاماسو )م خواردووە**

* * * * * *

# ناوکە ئەزەلیەکەت

هەردەم خەون بە ناوکتەوە دەبینم
زۆرجاران پە نجەکانی خۆم لە یاد دەکەم
کەلەناویدا رواوە و شین دەبیٚ
رۆژگارێکە زانیومە
کە ئەو پەتەی ناوکی پیٚ بەستراوەتەوە
بۆتە پەتی سێدارەی گەردنم
کە ناوکت رادەموسم
لێوەکانم بە بنمیچی خانو ئاسمانیەکان
بەریەك دەکەون

کە ناوکت دەمژم
گوێم لەهانەهانی زەنگی نەوەکان دەبێت
لاستیکی مەرەکەبەکە دەلێسمەوە
وام داناوە مەرەکەبی قەڵەمەکانی
قوتابیەکانت دەلێسمەوە

ئای خودایە چون ناوکەکەت قەرز بکەم

چۆن بتوانم قوتی بدەم
ناوکت چاپخانەکە
بۆ چاپ و کۆپی کردنی
نامەی گەردەلول و بومەلەرزەکان
مێشکە خولاوەکەم لە ریزی پیتەکانی یەکەمین دایە
ئای خوادایە لە پێناوی کێدا دەمرم
کێ جێماو کێ ون بوو
ئەدی کێ ئەو ناوکەی بڕی
ئەی خودایە
دایك چەند بەسۆزە

چەند باڵداری ئاسمانی لە عەرشی خۆت حەواندۆتەوە
لە هەموو وەختێکدا بانگی نەوەکانی دەکا بۆ خوێندن
کە باڵدارەکان هەڵبەزو دابەزیانە و
دەفڕن لە ئاسمانی خۆتدا
بە ئەلفبای ئاسمانی گۆرانی دەچرن
من زۆر دڵخۆش دەبم
کرۆکی ئاسمانی مێشکم پڕ لە وێنە دەبن
ئای خودایە

چەند چۆلەکەی رەنگاو رەنگت
لە بورجی ناوکت بەخێو کرد
ناوی پێغەمبەرە بچوکەکانی خۆت لێ ناوە
وەك خۆن نەوەکانی من خۆیان
بە پەتی ناوکت گرێ داوە
نەوەکانی من وەك خۆیان فێری ژەنین کردووە
لەسەر ئەم پەتانە
سیمفۆنیەی دەرباز بوون
بۆ بوونەوەرەکان دەنێرن
بە هەموو خوداوەند سوێند دەخۆم
ناوکی تۆ پەتەکانی
لە چاوەکانی
حەسودان دەپارێزم
لە شێتەکانی جەنگ دەپارێزم
سوێندم خواردووە نایان گۆڕمەوە
بە پەتی زەنگەکانی کلێسا
سوێندم خواردوە
کە تر پەکانی دلّت بپارێزم
شەو نخونی بۆ بکێشم

**هەڵیان دەگرم لەناو دڵم بۆ ئەوەی**
**لە ڕۆژی مەحشەر ترپەکان زیاد بکات.**

* * * * * *

نهى لازار

# سەرم سورماوە

وتمان كام كلێسايە
سەيروسەمەرە ئە نجام دەدات
وتمان كوا دايكە مريەم
خوێنيش لە ئەژنۆ بەرەو سەروتر بەرز بووەتەوە
لە كلێساكەی تۆ
ئەی مريەم
ئەو ئاژاوە گێڕانە
تاوان و گوناهكاری ئە نجام دەدەن
وتمان ئەو رۆژگارانە بەسەر چوون
بەزەردەخەنەوە وتمان درۆيە

ئەو هەموو چيرۆك و
بەسەرهاتانە
گوما نمان لە هەموو
شتێك كردو وتمان
كوا قەشەو پياو و ژنەكان
ئەگەر بە چاوێكی بەستراو

سەرنج بدەی
کە هیچ بڕواداری تێدا نەبێت
ئەگەر دوای خۆشمان هەموو
رێنمای و راسپاردەکانیش
جێبهێلێن
بۆچی پەرجوو دووبارە بکرێتەوە
لە سەرووی توانای تیگەیشتن
مرۆڤ هەر لە کۆنەوە
چ کلدان چ ئاشوری چ سریان
ناتوانرێ لێکیان جیا بکەینەوە
ئەگەر سەدان چاڵیان بۆ هەڵکەنی
ئێستا هەست بە خۆمان دەکەین
کەو چەند لە یەکتر دووربن
سەرۆکەکانمان هەست بەوە دەکەن
کە چەند لە یەکتر جیاوازن
چەند لە یەکتر دوورین
ئێمەش ئێستا چەند پەژارەین
چەند زەلیلین
چەند ملکەچین

زۆر داوای یەکێتی و
یەکگرتنمان کرد
نەیانتوانی ئەو کارە بکەن
هەتا سەرۆکی کلێساکانمان
داوای لێبوردنیان کرد
بەڵام ئەوەی دوێنی روویدا
ئێمەش گەڕاینەوە
بۆ بیرکردنەوە کۆنەکە
تاکو وامان لێهات
شانازی بەناوە کۆنەکەی خۆمان سریان بکەین
ناڵێن ئەمانە ئاشورین
با بیانکوژین
نەسریانیەکان و کلدانیەکان
دەڵێن وەرن
با خاکەکانمان جێ بهێڵین
پێم بڵێ ئەو بەش بەش کارییە
چی بە ئێمە کرد
لە نێوان ئەو هەموو ناو لێ نانە کە
کۆسپێکە لەبەر دەممان

ئێمەی لێك جیا كردەوەو
دابەشیكردین و لەت لەتی كردین
بۆیە خۆمان بەرەو پیری
مەرگ چووین
بە دەستی خۆمان
ئاگرمان خۆشكرد
لە نێوان خۆمان بە ئاسانی
دوژمنەكانمان زۆر دڵخۆش دەبن
كە دەمانبینن دەسوتێن
لەو ساڵانەی رابردوو
هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەكمان بینی
وەك بڵێن هەتیو بین و
كەسمان نەبێ
كێ دەڵێ ئەو زەمانە بەسەر چوو
ناگەڕێتەوە
لەبەر ئەوەی ئومێدیكم پێتان هەیە
كە یەكگرن و پەرت و بڵاونەبنەوە
لە كۆنەوە بەهێزبوونە و
لە ئایندەش هەر وادەبن

با چاویان کوێر بێ
ئەوانەی دەڵێن وڵاتی خۆتان
عیراق بەجێدێڵین
ئەوە نیشتمانی خۆمانەو
لێرە دەمێنیتەوە
دوای ئێمەش
نەوەکانیش دەمێننەوە

ئێمە یەکەم کەس نین
کە شەهید بووین
لە رۆژگاری زووەوە شەهیدمان داوە
هەزاران لە ئێمە کوژران
شەرەفی بە شەهید بوونیان پێ براوە

ئەگەر شەهید بوون
لە پێناوی مانەوە بێ
هەموومان شەهید دەبین.

*   *   *   *   *   *

# ئەی خاوەنی دڵم

لێم مەپرسە تۆ چۆنی
من ناژیم
دوورم لە بەختیاری
بە ئەسپایی ئازارەکانی خۆم قوت دەدەم
خەم لە خەمدانی من دێنەدەر
لێم مەپرسە من چۆنم
لە زەردەخەنەی تاڵ بێزار بووم
وێنەیەك لە سەر روخسارمدا وێنا دەكەم
کەچی منیش لەسەر خاچی ژیانم
هەردوو باڵم بەرزبۆتەوەو راخراوە
چیت پێ بڵێم کە من چۆنم
نە بەختیارم نە دڵخۆشم
نە دەژیم نەدەمرم
هیچ ئومێدێکم نییە ئەمڕۆ
هیچ نزاو پاڕانەوەیەکم بۆ هاتنی ئایندە نییە
هیچ خۆشەویستیەکم نییەو
خەونی پێوە ببینم و تا بیگەمێ

چونکە لە شیعرەکا نمدا پەیژە هەیە
گەرەکتە زیاتر لە حاڵی من بزانی
کەتۆ لێم دوور کەوتیتەوە
گشت نەست و هەستەکانم سڕ بوون
دڵم لەناو سینگمدا وشك هەڵاتوو
قامکەکانم بوونە رەژوو
لەو کاتەی لێم دوورکەوتیەوە
من سێبەری خۆم لێ بزربوو
سەروسەکوتی خۆم لێ نەناس بووە
هەر تۆ بووی دڵمت هەڵدەدا و
هەر تۆش بووی زامەکانت سارێژ دەکردم
بۆ تۆ بوو خەونەکانم دەژمارد
چاوەڕوانی ژیانی داهاتوو بووم
کەتۆ دوور کەوتیەوە لێم
من بوومە درەختێکی وشك هەڵاتوو
خۆر لە خوێنبەری دڵمیان سووتاند
با ش ڕۆژگارمیان هەڵوەراند
سەدساڵ لە خۆت گەورەتر دیاری
پیر بووی لە نێو دەستەخوشکەکانت

ئەی خاوەنی دڵم مە پرسە
درۆت لەگەڵ دەکەم ئەگەر بڵێم باشم
لە حەژمەتان قامکەکانم دەگەزم
نامەوێ جارێکی دیکە پرسیار بکەی
لێم گەڕێ با لەگەڵ خەم و تاسەکاندا بمرم
کە دەنگت دەبیستم
زامەکانم سەر هەڵدەدەنەوە
کوێر بووم چاوەکانم نابینێ
لەوکاتەی کەدوورکەوتیەوە لەبەرچاوەکانم
ئیدی کەڕبووم هیچ شتێ نابیستم
جگە لە دەنگی ناڵە ناڵ و لالانەوەم
دڵم لەناو سینگمدا لەلێدان کەوت
لەنێو پەراسووەکانمدا ناشتم
دڵ لە نێو سینگمدا لە ترپە کەوت
لەناو شیعرەکانمدا ناشتم .

* * * * * *

# کچ و رۆژگار

کچەکە :

ئەی رۆژگار تاوانم چی بوو

منت زوو گریاند

دڵارەکەم زوو لێم دوورخرایەوە

دڵم سوێی دێتەوە

پیرەژنێك نیم ،

هەناوم بسووتێ

قژم سپی بوو

بەسە ئەم دڵ ڕەقییە

رووت لە من وەرگەڕاند

دڵم بچووك بووەوە

لەنێو سینگمدا لە چاڵ نراوە

پێم بڵێ شاخ چۆن سەوز دەبێ

هێشتا وا ئالودەی بەفر بوومە

ئایا باڵدارەکان دەفڕن

چۆن بە باڵە شکاوەکانیان باڵە فڕییانە

رۆژگار:

دانیشتووەو لە سەر روخسارت دەنیشێت

پێم بڵێ چاوەڕوانی چی دەکەی
شەرابە کۆنەکەت دەخۆیەوە
چاوەکانت سوور هەڵگەڕاون لەبەر زۆر هەڵگوشین
قورسایی پشتت بۆم زیاد بووە
لەگەڵ خەمدا یەکدەگرن
تاریکیت خۆش دەوێ وادەزانی
مردوویەکی و چاوەڕوانی ناشتن دەکەی
کچەکە :
ئەگەر سینەت کردمەوە
زامێك دەبینی لەسەرزامێك هەڵنیشتووە
ئەی رۆژگار تۆزێك بەزەییم پێ بکە
هێزو ورەم بەند کراون
لەکاتی لەدایك بوونمدا دەتبینم
لەبەرچاومدا دڵ رەق و زاڵمی
پێم بڵێ چ جۆرە مرۆڤێکی
دەست بە کەلەپچەو زنجیر بەستراو
دڵخۆشت دەکا
هەموو خەمی ئەو جیهانە
لەناخی مندا نەخش کراوە

**رۆژگار:**

**تاکەی بەکۆت و پێوەند دەمێنیەوە**

**کۆت و پێوەند ناشکێنی**

**هەروا گریەو فیغان و گلەیی بۆ منزیاد دەکەی**

**بۆ دواییش دەگەرێیەوە**

**خۆت فێرەتاریکی کردووەو لێراهاتووی**

**ناتوانی رووناکی ببینی**

**وەکو مرۆڤی لاواز**

**لە جوێن و گازندە زیاتر نازانی**

**دە پێم بڵێ چیت لە من دەوێ**

**چاوەرێی چی دەکەی**

**یەکەم جار خۆت لەگەڵ خۆتدا سازش بکە**

**ئەوجا فێر بە چۆن توورە دەبیت**

**دوژمنایەتی لەگەڵ کێ دەکەی .**

*　　*　　*　　*　　*　　*

**كوثر نجيب**

# تۆ جوان نیت

تۆ جوان نیت...
نەخێر
تۆ جوان نیت
جەستەی خۆت
لە ژێر جلدا حەشارداوە
خوری
کەتان
فەرو
حەریر
جل و بەرگێك ژیان دەپۆشێت،
منیان لە ناو گێژاوی بیرکردنەوە نوقم کردووە
بۆ کێ پرچی خۆت بەرداوەتەوە؟!

تۆ شۆخ و شەنگ نیت ... نەخێر
تۆ جوان نیت
هەرچەندە پرچیشت بەرداوەتەوە

بەڕاستی
وەکو زێڕی بێگەرد دەدرەوشێتەوە
بەڵام لە بیرت نەچێ بینینی خۆرمان لێ قەدەغە دەکات
تیشکە زێڕینەکە یمان لێ دەشارێتەوە
ئەوەی بدرەوشێتەوە لێمان ون دەکا
بەڕاستی
قژە پەرت و بڵاو و خاوەکەت
لە شاخەوە بۆ دۆڵ غلۆر دەبێتەوە
بەڵام بەفری سپی سپی دادەپۆشێ
بۆ ئەوەی لەسەرمای زستان
گەرمم بکاتەوە

تۆ جوان نیت... نەخێر
ئۆخ وشەنگ نیت
ئەو کاتەی بەفر درەختەکان دادەپۆشێ
دیمەنێکی ئەفسوناوی لەگەڵ خۆیان رادەپێچێ
بۆ ئەوە دەشێ وێنەیەك بۆ یادەوەری بگرێ
بەڵام من خەون بە هاتنی ( ) دەبینم
بۆ ئەوەی بەفر بتوێنێتەوە

ئـاو بـه خوڕ بێته خوارەوە
بـه ئـاسانی بگەمە هەموو شوێنێك و
میوە بەتـام و بۆنەكان لیٚ بكەمەوە.

*　　*　　*　　*　　*　　*

# لەو شارە دێ یە

لەو شارە دێیە
کە خانووەکانی لە گڵ بنیات نراون
لە روناکی و تاریکیدا رێگەکان بێ هەست و خوستن
کەس هاتوچۆ ناکات
نە بۆناوە و نەبۆ دەرەوە
جۆگەکان وشك بونەتەوە و
ئاوی کانیاوەکان قەتیس ماون
رۆنی چرا رەشەکان بە کۆتا هاتن
کەس نییە پڕی بکاتەوە لە رۆن
لەو شارە دێیە لەو سەرانەی کە تە پیوە
لە بنمیچی ژوورەکە
دڵۆپە ئاو نم نم بەسەر مێزێکدا دەبارێ
کەس شك نابینرێ کە چاکی بکاتەوە
دەنگێك دەچر پێنێتە گوێچکەمەوە
لە گلێنەی چاودا شتەکان وێنا دەکرێ
گوێقوڵاخی ئاوی کانیاوەکان بووم
هاتو هاواریان بوو کە هەناسەیان لێ بڕاوە
لە خەو هەڵسە، بڕۆ، رزگارمان کە

وا خەریکە لە ڕەگەوە هەڵدەکێشرێین،
لەو شارە دێیە
گۆشەیەك دیمەنێکی بەناوبانگی وێنا دەکرد
دەستی درێژ دەکرد و داوای یارمەتی دەکرد
پێم وت چیت دەوێ؟
پێ وتم وەرە فریادەرسم بە،
چونکە من کەوتوومەتە نێوان دوو بەرداشی ئەهریمەن
بۆ ئەوەی بمهاڕن
وتم نەخێر ئەی ئیبلیس
وا مەکە مونالیزا تەلبەند مەکە،
لەو شارە دێیە
ئەی مانگ هەڵهاتنت هیچ سودی نییە
چونکە تاریکی باڵی بەسەر هەموو کون و قوژبنی دنیادا کێشاوە
لەو شارە دێیەی کە هیچ هاودەمم نییە
لەبەرچی ئەی ڕۆژگار؟
بۆچی ئیرەیی
منت بە تاقی تەنها هێشتەوە

*       *       *       *       *       *

# ئەترەشت نەچێ

ئەی سەربەستی ئەترەشت نەچێ
وەختیەتی و هەموو شتێ بەکۆتا هات
ئەو دادوەرەی کەتۆی بەندکردبوو
ئێستا وا گۆڕبەگۆڕ چوو
پاشەرۆکێش لەسەر عەرشەکەی بڵاوبۆتەوە
ئەترەشت نەچێ
نەخێر، نەخێر زراوت نەچێ
وا خۆرهەڵات
بە تیشکەکنی دنیای
رووناک کردەوە

* * * * * *

ئیبراهیم گولاّن

# زامەکانم و خوێن لێ چۆڕانی

خەونێکی زۆر خۆش نەبوو
سواری پشتی حیللەی ئەسپی با بوون
لە ناو کورەی خۆشەویستی دەتوێمەوە
بە پۆڵۆی غەم تورِم دەداتە دەرەوە
لە قامکەکانی دەپارێمەوە
کە گولێك لە هەردوو دەستم قبوڵ بکات
ئەو گۆرەپانی خۆی هەیە و
هەروەها ئەسپەوانی هەیە
منیش هەندێك تەڵبەندم هەیە
لە گەڵ رکێفە ئەسپەکانی ئەو، بە پێ خاوسپی پێش برکێ دەکەم
بۆ ئەوەی چینە بکات لە گەڵ زامەکانم
بە خومرە هەوێنی تێنوتی شکاندنی خۆی بمخنکێنن
بۆ ئەوەی لەسەر لا شەی تێنۆتی من
خۆی لە بیرە ئاوی جەستەی من هەلکێشێ
منیش هەموو هەناسەدانەکانم بکەم بەساقەی
بەخەمەکانی ئەو هەموو بەیانیان موفەرك کەم
هەر هیچ نەبێ تێنوتیم بشکێنێ .

*　　*　　*　　*　　*　　*

# رێچکۆڵەکان

دارستانێکە
رێچکۆڵەکان تیایدا واتێك ئالآون
ملی ریچکوڵەیکم گرت و دەستم بە رۆیشتن کرد
رێچکۆلەکەم لەبەرچاوەڕ شەکانم
جۆگەلەیەك بوون لە تروسکای کانیاوەکان
گورگە برسیەکان لەسەرژێ یەکانی شەو ئەو مۆسیقا دەژەنن
رێ دوورەکانم شەق کردو رێچکۆڵەکانین
بە دواما گوزەر دەکەن
خۆرئاوا بوون وئێوارەکا نمان لە نێوان خۆمان کرد بە دوو بەشەوە
لەوەرینی سەگەکان و لوورەی گورگەکان وخەونەکان تێر بوون
من رێچکۆڵەکان وئاسمان
نێوچاوانی ئاسۆمان ماچ کرد
ئەوەی بۆمان دەرکەوت
بەردەکان لە دەورماندا کەڵبەیان لێ رواو شکۆخەیان کرد
ماوەکان هێشتا عەبایەك لە رێچکۆڵەکان دەچنن.
من باکم نییە وعەشقی ئەو رێگایە بوومە هیچ ئاسەوار و شوێن پێیەك
جێ ناهێلێن کە بە پردەکان گوزەر دەکەن

بەڵام کەرێچکۆڵەکان رادەبوورن

ناگەرێتەوە

چاوەڵکانم لەگەڵ حیرەتدا

شەریانە

چاودەبرمە ئاسمانەکان لە دووری

لەرێی راکێشاندا.. گەلەگورگێکی برسیم بینی

لەهەر رێچکۆڵەیەك چەند گورگێك

هاتوو چۆیانە

بەبەژن وباڵایان بەدرێژایی ئەو رێچکۆلانە

لووره لووریانە وخۆیان دەگۆری.

*　　*　　*　　*　　*　　*

# لافاوەکە

لە بەر خوڕە خوڕی لافاوە شالاّو بەرەکەبڕیّ هۆش
خۆی دەردەخا
لەسەر کەنارەکانی بروسك و هەورەتریشقەکان
هەقایەتەکان لە هۆش خۆ دەچن
لە کاتی دەرکەوتنی ئەستێریە تەرازوو
قوقاندنی کەلەشێرەکان
یەکەمین فالّ گرەوە ووتی
بالە لافاوەکە  بخۆینەوە
فالّ گرەوەی دووەمین کر نووشی بەردەوە
بەلاّم سێ هەمیان چاوەکانی  پر بوون لە دوندك
بەلاّم دایکم لە لافاوەکەی خواردەوە
تاکو سکی مامزەکان هەلّ ئاوسان
خۆریش چاوەکانی خۆی تروکاند
کێ ئێمەی رووت کردەوە
هەتاکو دوو رووبارەکەشی شەرمندە بوون
ئەسپەکان حیللەی خۆیان خواردەوەو  پایدۆسیان کرد
هێشتا بن هەنگلّەکا نمان شایانی دارشە قتەیە
لە کوێ یان هێناوە

ئەو حۆریانەیان لەکوێ هێناوە
دەستە خوشکەکانم کەوتوونەتە شەست ساڵانەوە
بە دەکەم چی تیاماوە
دۆستەکانم دلۆپە تیزابیان نۆش کرد
ستوونی رووناکی و کریستالیان لە کوێ هێناوە
با پیرەم لە گەنی شوورەی بەخۆڵ دەشواتەوە
چۆن کورەکەم نانی شێوانی خواردووە
کۆترەکانیش لە ئاسمان هەڵتروشکاون
چۆن منداڵەکان نیوە شەویان کردەوە
دایکیشم شەوەکانی ڕاونا
کە چراکە هەڵکرا
سوار چاکە ئازاکان گەیشتن
تەوەزەلەکان دواکەوتن
بەهەنگاوەکانی ( داروین )
بەزەرەبینەکانی ( گالیلۆ )
ئەستێرەناس وئەستێرەکانی بەریەك کەوتن.
موگناتیسیەکان بلوورەکانیان بۆ لای خۆیان کێش کرد
ئەوەی کەمایەوە
تەنها مە یمون و چاویلکەکان بوون
نانی بەیانیم لەسەر رکێخی ئەسپەکانە
نانی پشتیوانم لەسەر پشتی مامزەکانە

بێ هۆشیم لە نێوان دوو رووبار دەخولێتەوە
کێ تەرمەکەی بە کۆڵی داداوە
پێغمبەرەکان خەوتوون
پاسەوانەکان چێشتەخەو دەکەن
ڕەوە مێروستان شارێ یەکانیان دا پۆشیوە
خزم وکەس وکارم بەدەنگی تاوڵە کردن
لە گەڵ سوارچاکەکانی خەون دەبینن
هێشتا مووی رەشماڵەکان دەچنن
بۆ کوێ ... نازانم
لە کوێ... نازانم

چەند خولەکێکە غاردەدەم
تاکو بە زمانە بگەم
بەڵام دەزانم
دوای ئەو هەنگاوانەم
بەفرمێسکەکانی پەشیمانیتان ولاشەکەم دەگەین.

## پەترۆس نەباتی

# نیشانەیەك لە رابردوو

( ئەی ئەو زەوییە پیرۆزەی کە دەتبینم بە شوورە بەرز و تەلارە زۆر جوانەکان بەو پیت و بەرەکەتە زۆرەی هەر لە ئەزەلەوە هەیە )

چە پکێك لە سرودی سۆمەری

رۆژگاری باوکە پیرەکەم

لەو رۆژگارەوە

رۆژگاری باوکە پیرەکەم

کە لەگەڵ کۆمەڵە رەنجبەرێك

باری قورسیان لەسەر پشت هەڵگرت

لە کێلگەکان بۆ جوخینەکان

کاو گوڵە گەنم دەگوێزنەوە

لەو ئێوارەیەدا کە تاریکی هێشتا باڵی بە شورادا نەکێشا بوو .

تیشکێك لە ئاسماندا دەرکەوت

شنەبایەك بە ئەسپایی لەسەر خۆ هەڵی کرد

نیشانەیەکی سەیرو سەمەرە لەسەر هەموو زەوییەکە دەرکەوت

رەنجبەرەکە لە دەوروبەری ئەو نیشانەیە کۆبوونەوە

سەبارەت بەو تیشکە هەڵاتووە لە ئاسمانەوە

پرس و سۆراخ دەکەن

کچۆڵەیەك لە بنەماڵەی سیدوری
لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا
کچۆڵەیەکی جوانکیلە
سەرەنجی راکێشام
جوانیەکەی لە هەموو کیژان جوانتر بوو
لەو ماڵە هاتمە دەرەوە
دەستەکانی خۆم توند کرد و
دەستمان بە گفت وگۆ کردەوە
بەو شەوە زەنگە

پارچە پارچە جلەکانی داکەند
دەیویست ئەو نهێنیە شاراوەیەم بۆ بدرکێنێ
بە تەنهایی لێی نزیك بوومەوە
لەشێکی سپی وەك بلورم بینی
کە لە ئاسمانەوە کەوتە خوارەوە
لەبەر باسکی راستەی نەخشێنرا بوون
زمانم لاڵ بوو وەك ( کیچ )

*　*　*　*　*　*

# ئورشنابی وشورەكانی ئورۆك

وەك شێت رام كرد
كۆڵانە باریكەكانی منیان بزر كرد
بە پیرێكی ریش سپی و درێژ
گەیشتم بە دەنگێكی بەرز هاواری كرد بەسەرمدا
قسەی ئەوەی ئەتۆ نا پشتم
بۆچی وا رادەكەی لە ترسی كێ؟
بۆ كوێ دەچی ؟
لە هەموو رێگاكان ترس و مردن نیشتووە
ئاورِم لێ داوەو وتم
من هەزاران ساڵە و
لەو نیشانەی كە لە ئاسمانەوە دابەزیوە
هەڵدێم .
تا برایەكە هاواری بەسەرمدا كرد
دەوەرە لە گەڵدا سواری گالیسكەكەم بە
ئەو گالیسكەیەی كەلە دوای رووناكی چنراوە
كەلەگەڵیدا سوار بووم
گوێم لێبوو دەیگوت

سەيری شورەکانی ( ئوروك )ی دێرین بکە
تەماشای کەلاوە رووخاوەکان و
خەڵکە زەحمەتکێشەکەی بکە
( ئوتوناپشتم ) سەیربکە
ئەوسا ئەو کابرایەم ناسی
گالیسکەی رووناکی بۆ کێیە؟
کە من سەر زەنشتی ئەو گالیسکەیە بووم
کە ئەوم ناسی بە قورگێکی نووساوە قسەم دەکرد
لە خەمان و حەژمەتان هاوارم دەکرد
ئەی ( ئورشنابی )، من ئیدی ناتوانم
بەرگەی لۆمەی غەمەکانی تۆ بگرم
من ناتوانم رووبەرووی دڵرەقی و تورەیی
تۆ ببمەوە
ئەی ( ئورشنا بی ) گالیسکەکەت
بەسەر شورای ( ئۆرۆك ) لێدەخورێ
لە ( ئۆرۆك ) حەوت پیتۆڵ هەن
دیوارو دینگە و شورەیان دروست دەکرد
لە دڵی خەڵکدا نزا و هیوایان دەچاند
ئەی ( ئورشنابی ) ئەمرۆ لە ( ئۆرۆك )

مرۆڤی گەوجە هەیە
دار و دیوار دەروخێنێت و
شوراکان لادەبەن
دار و دیوار و درەخت دەروخێنێت و شوراکان لادەبەن

*   *   *   *   *   *

# سێ بەیانیانی پێترمە

لە دڵی چیادا
حەوت کانی لە بێترمە
بە ئاوە سازگارو پاکەکەی
پاکییەکەی لە بریسکەی
زەردە پەری ئاسمان دەچێ
لەو تیشکە درەوشاوەیە
کە نێوان لوتکەی چیاکان جیا دەکاتەوە
بە وردی سپی چنراوە
بە رادەیەکی زۆر بە ( دوو تکەی سینگی )
مەمکی جوانە نازدارەکەم دەچێ
وەك هەنگوێنی خاك شیرین و بەتامە
کە هەنگە شاخەکان بەرهەمی دێنن

سپێدەی یەکەم
لە سەرەتایی سپێدەدا
شان بە شانی من خۆشەویستەکەم
بە هێواشی و ئەسپایی دەڕوا

لە کۆڵانە تەنگەبەرەکان
لە ڕێوان دارگوێزەکاندا
بە وردی و سەوزایی
ڕەبەنەکان چاندوویانە
زایەڵەی دەنگی لێدانی زەنگوڵەکان دێتە بەرگوێمان
زەنگی کەنیسەی مریەمی پاکیزە
کە ( شەماس ) توما باتری
زەنگی لێدەدا
لەو کاتەی بانگی بڕوادارەکانی دەکرد
بۆ نوێژی نزا
بۆ ئەوەی گوێی هەڵبخەن
بۆ مزامیرە بە سۆزەکان
بە دەنگە زوڵالەکەی
قەشە متی شەقلاوەیی

سپێدەی دووەم
لەگەڵ دەنگی شایی و
جریوە جریوی چۆلەکەکانی ئاسمان
لەسەر درەختە بەژن بڵندو پیرۆزەکان

گاڕانی مانگەگانی و رانە مەڕەکان
لە گەڕەکەکانی لای سەرەوە
من و خۆشەویستەکەم
قەشە یاقوب
شان بە شانی ئێمە دەڕوا
کە بە پەلە ڕۆیشتین
کە ماڵئاواییمان لێ کردو
بە ڕێگایەکی درێژ لە بەر چاو ون بوو
لەناکاو هەڵوەستەیەکی کرد و کڕنوشی برد
نوێژێکی گەرم و گوڕی کرد
لە خوادی مەزن دەپارایەوە
کە شیفا بۆ نەخۆشێك بنێرێت
بەڵام لە ئێوارەی کۆڵانی تەنگە بەر
بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە
کە بە دارتووی سور دا پۆشرا بوو
بە دەستی کوڕەکانی پاشای فارس چاندرا بوو
ئەو کاتەی هاتە ئێرە
بۆ ئەوەی نهێنی ( عیمادی پیرۆز) راموسن
لەسەر دەستی رەبەن بۆیا

دڵی خوشەویستەکەم

لە خەمان تەژی بوون

کە لەت و پەتیان کرد

لق و پۆپەکانیان پەرش و بڵاو کردەوە

وردو خاشی کرد و کۆتاییان

خستیانە ناو دارە بازە

سێ یەم بەرەبەیان

خۆشەویستەکەم رای کرد و بە پەلە دایکرد

لەبەر ئەوەی گوێی لە دەنگی زەنگی کلێسا نەبوو

گوێی لە دەنگی کەڵەباب نەبوو

گوێی لە قۆڕە قۆڕی مانگاکان و

بارەباری مەڕو بزن نەبوو

پیرە دایکی منیان نەبینی بوو

بە پێخاوسی بەسەر لوتکەی چیا دەکەوتوو

بۆ لای مەزاری رەبەن بۆیا

کەنەزری بۆ من کردبوو

لە رۆژی لە دایك بوومەوە

تاکو گەیشتمە تەمەنی دوانزەساڵان

بۆ .... بۆ .... بۆ

زەنگی کلێسا دەزرینگایەوە
بە دەنگێکی خەمناك واتدەزانی
دواماڵئاوایە
سڵاوی کۆتاییە
بۆ مار یوحەنا و رەبەن بۆیا و توما باتری
لەوکاتەدا خۆشەویستەکەم ماڵاوایی کردو
لە دوای خۆیدا دایك و باوکە پیرەکەی بەجێهێشت
خۆشەویستەکەم مەزامیر و نوێژەکانی
ئادی شێریان بەجێهێشت
کە لەتاقی مێژووی بابل هەڵقوڵابوون
لە نێوان پەرستگاکانی نەینەواو ئاشور
خۆشەویستەکەم لە سەرەتاوە تاهەتایە
لەگەڕان و سوڕان هەڵاتندا
سەری شێواو ناسرەوێ

* * * * * *

ئيڤان جانى

# تەلەزگەی شەکەتی

له کەنیسەی خوداوە دەنگێك دێ
هاوارێك دەگاتە کەشکەلانی ئاسمان
بەندەیەکی مەسیحی دادو فیغانیەتی
سۆز و بەزەیی لە خوا دەخوازێ
له دۆلی رافیدەین خوێنی پاك دەڕژێ
تیرۆریستان قەسا بخانەیان بۆ گەلەکەنان داناوە
کلدانی و ئاشووری و سریانی ئەرمەنی
با زالم تێبگات و جیاوازی نەکات
مێژوو دیسان خۆی دووپات ەکاتەوە
لەبری سومیل و سورەیا
ئەمرۆ بەغداو نەینەوایە
ئاما تجی بەرایی و دوایی
لەریشە هەلکەندنی بنەچەی مەسیحیەکانە
یەکیتی گەل هیەای دواییە
کلیلی ەربازبوونی گەلی مەسیحییە
لە رۆژهەلاتی ناوەراست و عیراقی تایفیدا
کە بوونی ئێمە رووبەرووی تەلەزگەی شەکەتی بووە.

* * * * * *

## دوور لە خۆشەویستەکەم

بوومە ئاوارەیەکی بێ خاوەن
بێ ئەو هیچ خاوەنێکم نییە
شەوانە لەگەڵ فرمێسکەکانم
بەسەردەکەمەوە
دیوارێ لە تورەیی لە نێوا نمان درووست بووە
خودی من تەژی بووە لە ئازاری عیشقی ئەو
چاوانم ئەبلەق بوون و هاناى وەبەر دێنن
دڵیشم دەنووزێتەوە و بۆ دەگریێ
کەچی ئەو کافربووە و هەستی پێناکات
زەردەخەنەیەکی جوان لە سەرلێوانی نەخشاندووە
خۆشەویستییە بێگەردەکەمانی چۆن لەیاد چوو
رۆژانی عاشق بوونی چۆن لە بیر چوو
توانیت لێم دوور بیتەوەو بە جێم بهێڵی
هەی زاڵم چۆن توانیت لە یادم کەی
واشمەزانە کە من ناتوانم لە بیرت کەم
لەدڵ و گیا نمدا بۆ هەمیشە بتسڕمەوە
من خۆشەویستیم نەکردە رازانەوە بۆ تۆ

**متى اسماعيل**

# ڕەنگەکان

که منداڵ بووین
باسی پاڵەوانەکانیان بۆ دەکردین
تا وای لێهات نیشتمان پەروەریەکەیان لە خوێنماندا
تەراتێن دەکرد،
بۆیە نیشتمانمان خۆشویست
خۆمان دەمامکدا
بە خۆڵ و ئەویش بە گلکۆ ،
کە گەورە بووین
پاڵەوانەکان بوون بە خەونەکانمان
ئەمانیش هاتن
لە پاڵەوانیەتی هەڵەکانیان
رقمان لە نیشتمان هەڵسا
ئێستا نیشتمان پەروەری لامان شتێکی قێزەونە
*
کە خوێندکار بووین
نووسینمان لەبارەی رزگارکردنی نیشتمان
لە گلاّوی بیانیەکان دەخوێندەوە
شۆرشگێرەکانمان خوشویست و

لاسایی رۆڵی ئەوا نمان دەکردەوە
بەڵام .... دوای رزگاری نیشتمان
زیندانەکان فروان بوون
شوورەکان بڵندتر بوون
تا وای لیٚ هات
خۆرزگە بە رۆژگاری ئیمپرالیزمی خیٚرخواز بخوازین
لە ولاتیٚك کە بە دەست و قامکی خۆیان رزگار نەبوون
*
کە گەورە بووین
خۆمان ئامادە کرد بۆ پاراستنی سنوور
لە دژی رەشەبا
میٚشکمان ئاودرا
بە :
ئەتك کردنی ناموسمان
داگیرکردنی خاکمان
رەوایی جەنگەکەمان،

بەڵام ئیٚستا یادگارییەکانمان هەڵدەدەینەوە
بە مەینەتی رۆژگارەکان

تووشی گیانەڵا دەبین و  لەسەرە مەرگداین

*

بەڵام کە بووینە رووناکبیر

بە دروشمەکانی کوشتن و برین

فریویان داین

رووناکبیری لە  پێشەوەیە

تاوامان لێ هات

خاوەنەکا نمان کەی بیانویستبایە

هاوارو زیڕەمان لێ هەڵدەستا

ئەگەر خاوەنە نمان حەزیان لێ بایە هێلکەمان دەکرد

هێلکەکانیشمان ئەوانەی کە خۆیان قەڵەوکردبوو

تێربوون

بە کڵۆرکردن و کون کون کردنی جەستەکا نمان

تەنها ئەوانە

دەیانتوانی بیا نخواردبایە

*

ئەو کاتەی کە هیواکا نمان نە پووکانەوە

بۆ حوکمرانی تازە

هەر لەسەر نەریتی خۆمان بە هەڵپەڕین کردەوە

ئەونانەی پیشەیان بوو
کە هەڵبەزو دابەزین بکەنەوە
دۆڵەنگێو و زورناژەنەکان
کەوتنە هەلەکە سەما
بۆ دەسەڵاتدارە نوێیەکان
ئەوانیش بوونە خواوەند
گوتمان قەیناکا ئەوانە هەڵبژاردەن
بەشکم تەرکی دنیا بکەن
بەڵام رۆژگاری فێری کردین
راستە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە
( ڕەنگاڵەکان ) کە چێژ لە حەز و ئارەزووەکانی دونیا وەردەگرن
تەنها ئەوانەن کە زوو رەنگی خۆیان دەگۆڕن

*     *     *     *     *     *

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| بەرکۆلێک | 5 |
| **ڕۆبن بیت شموئێل** | 7 |
| کەڵەی سەری مێژوو | 9 |
| خەونی سێبەرەکەم | 15 |
| دوو ڕێگا | 23 |
| **شاکر مجید سێڤۆ** | 25 |
| چەند وێنەیەکی ئاوی | 27 |
| لەدەستنووسی فرمێسکو گوڵەمێخەك | 30 |
| ناوکە ئەزەلیەکەت | 33 |
| **نهى لازار** | 37 |
| سەرم سورماوە | 39 |
| ئەی خاوەنی دڵم | 44 |
| کچ وڕۆژگار | 47 |
| **کوثر نجیب** | 51 |
| تۆ جوان نیت | 53 |
| ئەو شارە دێیە | 56 |
| ئەترەشت نەچێ | 58 |
| **ابراهیم گولان** | 59 |

| | |
|---|---|
| زامەكانم وخوێن ولێ چۆرانی | 61 |
| رێچكۆڵەكان | 63 |
| لافاوەكان | 65 |
| **پەتروس نباتی** | 69 |
| نیشانەیەك لە رابردوو | 71 |
| ئورشنایی وشورەكان ئۆرۆك | 73 |
| سێ بەیانیانی پێترمە | 76 |
| **ئیڤان جانی** | 81 |
| تەلەزگری شەكەت | 83 |
| دوور لە خۆشەویستیەكەم | 84 |
| **متی اسماعیل** | 85 |
| رەنگەكان | 87 |

شیعری هاوچەرخی سریانی